# گۆرانییەکان عەینەدین مەریوانی

## بەشی یەک

ئەم گۆرانیانە، دووشەممە 30 خەزەڵوەر 1367 هەتاوی کە ئەکاتە 21 نۆڤامبری 1988 لە ماڵی سەید ئیبراهیم ئیسماعیلزادە بە یارمەتی ئەحمەد سەرایی و موحەمەد موحەمەدی ساحێبی تۆمارگەی کوردستان (لە بانە) تۆمار کراوە. هەروەها حەمەی حەسەنزادە لەوێ حازر بووە.

### کۆترە باریکە

کۆترە باریکەی خاڵ و مل ڕەنگین　　ئاشتی زۆر خۆشە لە دوای قار و قین

زلێخا زەردە، زلێخا زەردە　　لا مل زلێخام وەك خۆرە زەردە
بە ئاوی ئەنگوور بە مەی پەروەردە　　بە شەو بێگانە و بە ڕۆژ هاودەردە
کۆترە باریکەی خاڵ و مل ڕەنگین　　ئاشتی زۆر خۆشە لە دوای قار و قین

چرای ناکەسان تا بەیان گڕیا　　چراکەی ئەمن و تۆ زوو خامۆش کریا
کۆترە باریکەی خاڵ و مل ڕەنگین　　ئاشتی زۆر خۆشە لە دوای قار و قین

کەس لێم ناپرسێ، کوێرە خەڵکی کوێی؟　　دێوانە و مەلوول شێوە و خاڵی کێی؟
دڵ مات و مەلوول شێوە و خاڵی تۆم　　دێوانە و سەرمەست چاوی کاڵی تۆم
کۆترە باریکەی خاڵ و مل ڕەنگین　　ئاشتی زۆر خۆشە لە دوای قار و قین

بەستیەوە پشتی چل گەز لەو شاڵە　　بووەتە کوێخاژن ئەو ڕیزە ماڵە
شەدەی بەستەوە گوڵنگ لە دەوری　　پێشانی وەك مانگ خستە ژێر هەوری
کۆترە باریکەی خاڵ و مل ڕەنگین　　ئاشتی زۆر خۆشە لە دوای قار و قین

کەس لێم ناپرسێ بۆچ ماڵم ڕمیا　　هات و چوونەکەی لای تۆم لێ بڕیا
دەردی دڵ زۆرە لە ڕادە دەرچوو　　مەعلووم ئەمکوژێ درەنگ بێ یا زوو
کۆترە باریکەی خاڵ و مل ڕەنگین　　ئاشتی زۆر خۆشە لە دوای قار و قین

### مەڕۆ لێو ئاڵ گیان

قامەتم لە ژێر باری غەم چەمی　　مردن خۆشترە لە هاوسەر کەمی
مردن فەرزە بۆم تاقە جارێکە　　تانەی بەدکاران گۆڕەوشارێکە

چ سەرنویشتێ چ قسمەتێ بوو　　چ بەدبەختی بەخت چ خەفەتێ بوو
چ ڕۆژێ ڕەش بوو چ سەعاتێ ڕەش　　کە گۆنای تۆم دی وەك ئەستێرەی گەش

خۆزگەم بەو کاتە کەوتمە داوت ؟؟؟

سوێندم بە باڵای بەرز و باریکت بە تاڵی زولفی ڕەش و تاریکت
نە خەو نە خۆراك نازانم چیە لە دووری باڵات ئارامم نیە

تۆ بیت و خودا لە من مەگرە قین ؟؟؟ چەرخ و چاو شیرین
جێم بدە لە ناو سینە و مەمانت بمکە باغەوان باغی گوڵانت
مەهێڵە بخنکێن ئەو دوو بولبولە بێرە ئاویان بەین لە خوێن ئەم دڵە

خودا بزانێ من بوتپەرەستم بوتیش کە تۆ بی هەر ئەتپەرەستم
لە سەر تۆ سوورە باوەڕ و هەستم کەستر نیە جگە تۆ هەر تۆی مەبەستم

## مەڕۆ لێو ئاڵ گیان ٢

فەلەك ڕاست برۆ فەلەك ڕاست برۆ تۆ بی و خوا ئەتۆ فەلەك ڕاست برۆ
پێم بڵێ بەڵام بێ فێڵ و درۆ مانگی من جوانە یاخۆ مانگی تۆ؟
ئەوساڵ بەهارم کە بێ بارانە گوڵاڵەی سوورم خوێنی یارانە

مانگی تۆ لە کوێ بە وتەی شیرین؟ بە قسەی خۆش و خەندە و پێکەنین؟
حەیات ئەبەخشێ بە عەشقی زویر؟ جوان ئەکاتەوە دڵی پیاوی پیر؟
ئەوساڵ بەهارم کە بێ بارانە گوڵاڵەی سوورم خوێنی یارانە

مانگی من کەوا لە زەوینایە دایمە لە تافی چواردەمینایە
نحاقی نیە و بە هیلال نابێ مانگ مانگی منە قەت ئاوا نابێ
(فەلەك تۆ شێتی مانگ ئەبێ وابێ)
ئەوساڵ بەهارم کە بێ بارانە گوڵاڵەی سوورم خوێنی یارانە

فەلەك بشێوێ دەورە و دووکانت فەلەك بڕووخێ حەوت ئاسمانت
فەلەك تۆ نەتهێشت بگەم بە مەرام بگەم بە وەسڵی ؟؟
ئەوساڵ بەهارم کە بێ بارانە گوڵاڵەی سوورم خوێنی یارانە

## سەوزە

ڕۆشنایی نەما لە هەر دوو ئاسمان خۆم بە دەستی خۆم بەڵای خۆم سازان
یا خوا بەڵای خراپ ڕوو نەکا لە کەس ڕوو بکاتە سەر کێو ئەیکا بە قەقنەس
سەوزە هەی سەوزە سەوزەکەی نێو چەم چاوم لێ ببڕە با خەفەت نەخۆم

هەر من لەم دنیا بووم سەرگەردان خوا دای بە من دەردی بێ دەرمان
دایکم نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەی کێشا بە هەزار زەحمەت من هاتمە دنیا

سەوزە هەی سەوزە سەوزەکەی نێو چەم چاوم لێ ببڕە با خەفەت نەخۆم

هەر بە منداڵی دڵم پڕ غەم بوو دایبیمە کارم گریە و ماتەم بوو
هەر بە منداڵی کەوتمە دەردی سەر لە دنیا بێ چاو شینم دایە سەر
سەوزە هەی سەوزە سەوزەکەی نێو چەم چاوم لێ ببڕە با خەفەت نە خۆم

ڕەفێقەکانم خەریك سەیرانن خەریکی بەزم و بادەی یارانن
(خەریك عەیش و نۆش لەگەڵ یارانن)
من وام لەم دنیا ڕسوای زەمانە زەلیلی تانەی دۆست و بێگانە
سەوزە هەی سەوزە سەوزەکەی نێو چەم چاوم لێ ببڕە با خەفەت نەخۆم

پەژارەم نیە دە بێ چاویە خۆم یان لە زەلیلی و دڵ شکاویە خۆم
بۆیە بێزارم من لەم ژیانە تانەم لێ ئەدەن دۆست و بێگانە
سەوزە هەی سەوزە سەوزەکەی نێو چەم چاوم لێ ببڕە با خەفەت نەخۆم

خۆزگە لەم دنیا یەك چاوم بوایە با تێر ئەم دنیام بە چاو بدیایە
دنیام تەواو کرد بە بێ وەفایی بە غەیر تاریکی نەمدی ڕۆشنایی
سەوزە هەی سەوزە سەوزەکەی نێو چەم چاوم لێ ببڕە با خەفەت نەخۆم

زووخاو لە جەرگم ئەڕژێ وەك لافاو هەر من لەم دنیا بێ بەش بووم لە چاو
دڵ پڕ لە خەفەت مات و غەمگینم دنیای بێ وەفا بە چاو نابینم
سەوزە هەی سەوزە سەوزەکەی نێو چەم چاوم لێ ببڕە با خەفەت نەخۆم

## بارانە

بارانە نازانم بۆچی؟ کاڵێ باری کرد خۆم لە شوێن کۆچی
بەدبەختی بەختم هەر نەبڕایەوە سیاچارەییم دەنگی دایەوە
بارانە نازانم بۆچی؟ کاڵێ باری کرد خۆم لە شوێن کۆچی

یاری باڵابەرز هیوای ژیانم ساتێ گوێ بگرە تۆ لە گریانم
کوێر بوو دوو چاوم ئەوەندە گریام بیکە لە ڕێی خوا بگەیە فریام
بارانە نازانم بۆچی؟ کاڵێ باری کرد خۆم لە شوێن کۆچی

چەن مزر و خۆشە ئاوی پرتەقاڵ ئەونەیشە خۆشە ماچی گۆنای ئاڵ
بە لار و لەنجە وەرە ژوور سەرم جوان بیبینە ڕۆحی خەتەرم
بارانە نازانم بۆچی؟ کاڵێ باری کرد خۆم لە شوێن کۆچی

هەر بە جوانی مبتەلای تۆ بووم گلەیی بێ لە خوا وا ڕەنجەڕۆ بووم
هێشتا جوانم لە بەینم مەوە گەردەنت عەینەن گەردەنی کەوە
بارانە نازانم بۆچی؟ کاڵێ باری کرد خۆم لە شوێن کۆچی

## نازەنین

هەر مەیلەن مەیلەن هەر جەورەن جەورە      دڵەی تۆ چۆنە منیش بەو تەورە
وەرە نازەنین یاری وەفادار      مەیلی ئەوساڵت چاکترە لە پار

گەڕیان دانراوە هەر لە بۆ شایی      با تۆماری بکەم من بۆ سەرایی (بە خۆشی ئەحمەد یانێ سەرایی)
وەرە نازەنین یاری وەفادار      مەیلی ئەوساڵت چاکترە لە پار

کزەی دڵ نیە کزەی کەبابە      ڕەحمی خێرت بێ کەم بێوەفا بە
وەرە نازەنین یاری وەفادار      مەیلی ئەوساڵت چاکترە لە پار

تا تۆ پیر نەبی نەبیە پیرەژن      کاڵێ دڵداری حەرام بێ لە من
لە دوای باڵای تۆ خۆشیم چەمەر بێ      گۆشتم بە خۆراك حەفی و حەوسەر بێ
خۆشە دڵداری لە هەر دوو سەر بێ      نەك من بسووتێم یار بێ خەبەر بێ

لە شنەی شۆڕەبی لە هاڕەی دار توو      دەینمان بە گەردن شوودار و بێشوو
وەرە نازەنین یاری وەفادار      مەیلی ئەوساڵت چاکترە لە پار

دڵداری مایەی سەرگەردانییە      سوودێکی نیە، پەشیمانییە
ئەگەر ئەمزانی دڵداری وایە      قەت قەت نەمدەکرد لە ڕووی دنیایە
وەرە نازەنین دۆستی وەفادار      مەیلی ئەوساڵت چاکترە لە پار

## کەم بێ کەم بڕۆ

کەم بێ کەم بڕۆ ئەزانم جوانی      خوا کێو ئەبینێ بەفر ئەکا بانی

چەندە زەحمەتە شەریك خوێنت بێ      دایم شەو و ڕۆژ چاو لە شوێنت بێ
دووریت لێ بگرێ تیربارانت کا      دوژمنی ئەمڕۆ دۆستی دوێنێت بێ
کەم بێ کەم بڕۆ ئەزانم جوانی      خوا کێو ئەبینێ بەفر ئەکا بانی

؟؟ دڵ کەی بێوەفایە؟      ؟؟ هەموو عادەتیان وایە
فرمێسك مەڕێژە بۆ عیشقی مردوو      چون گوڵاڵەی بەهار عومری کۆتایە
کەم بێ کەم بڕۆ ئەزانم جوانی      خوا کێو ئەبینێ بەفر ئەکا بانی

وەك بولبول لە دەس تفلێ منداڵم      هیچ ئاگای نیە لە دەرد و حاڵم
کەم بێ کەم بڕۆ ئەزانم جوانی      خوا کێو ئەبینێ بەفر ئەکا بانی

دڵ لە سەر عەهدی خۆی  بەوەفایە          وەرە جارێ تر عومر کۆتایە
با لە پیاڵەی دەم مەستانە دەم دەین          عومرێ لە دەس چوو جارێ تر نایە
کەم بێ کەم برۆ ئەزانم جوانی          خوا کێو ئەبینێ بەفر ئەکا بانی

ئازیمم وەرە لار و لەنجە کە          پەلکەکانت شۆڕ سەر کوڵەنجە کە
تەشریففەرما بە بۆ وێرانەکەم          لە سەر دوو دیدەم قەدەم ڕەنجە کە
کەم بێ کەم برۆ ئەزانم جوانی          خوا کێو ئەبینێ بەفر ئەکا بانی